لە راپڕینی جەماوەری ساڵی 2017دا دەمامکی "یەفەرمخوازی" لە سەر ڕوخساری دەسەاتی دیکتاتۆر لابرا و دیکتاتۆر ناچار بوو "ئیبراهیم ڕئیسی" بخاتە سەر کورسی سەرکایەتیی کۆمار. لە راپڕینی جەماوەری ساڵی 2019دا دەمامکێکی دیکە لە سەر ڕوخساری دیکتاتۆر لادرا و لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە، (بەدیلی دەستکرد)ی زلهێزە دژکیەکان، کە خەڵکی وەک "نەیاری دەسەاتی دیکتاتۆریی ئایینی"دەردەخست، بە تایبەت پاشماوەکانی دەسەاتی ڕووخێنداری حەمەزاشای دیکتاتۆر… ڕیسوا کرا. چونکە بە پێی زۆرێک زانیاریی حاشاهەڵنەگر، ئەو دوو جۆرە دیکتاتۆریەت هاوبیر و هاوکردارن لەسەر پشێلکردنی ئازادیەکان و پشێلکردنی مافەکانی خەڵکی ئێران و لە ئەنجامدا بە تاانبردن و کوشتارکردنی خەڵک.
ئەزموونێکی پڕ لە ئازارە کە ئێستا خەڵکی ئێران بە ئەوەی دەسەاتی دیکتاتۆریی مەزهەبیی بووخێنن، دەبێ دەسەاتی دیکتاتۆریی پشوو لە زبڵدانی مێژوودا بهێڵنەوە و هاوتەریب لەگەڵ شێێی دژ بە دەسەاتی دیکتاتۆریی مەزهەبی، نەهێڵن پاشماوەکانی دەسەاتی دیکتاتۆریی پشوو بن بەهانای دەسەاتی دیکتاتۆریی ئایینییەوە!
هەردوو ڕەوتی دیکتاتۆری وا خۆیان نیشان دەدەن کە خەڵک دەبێت یەکێک لە دوو بژاردەیە قبووڵ بکەن: "دیکتاتۆریی پاشایەتی" یان "دیکتاتۆریی ئایینی". بە ئەم مەبەستە بە هەموو جۆرە فێڵ و دەمامکێکەوە دێمەنێکە هێندە ناڕوون دەکەن کە بە شێواندنی بەها و کولتووری ڕەسەنەکانی گەل، دەیانەوێت پرسەی راپڕین "خاو" بکەنەوە و ئاگەریش بتوانن راپڕین بە "لارەدا" بەرن و "کپ"ی بکەن و دووبارە خەڵکی ئێران بەبەش بکەن لە گەیشتن بە دەسەاتێکی نیشتمانی و جەماوەری و دیموکراتی. هەربۆیە بە ئەزموون سەلمێنراوە کە ڕەوتە دیکتاتۆریەکان هەمیشە تواوکەر و یارمەتیدەری یەکتر بوون و لە لایەن ڕەوتە کۆنیالیزمەکانیشەوە پشتیوانی و بەهێز کراون!
هەرچەندە لە سەرەتای مانگی پێنجی راپڕینی جەماوەریدا، دیمەنی ڕاستەقینەی راپڕینی خەڵکی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر "شەفاف"تر و دیکتاتۆریەتی مەزهەبی گۆشەگیرتر، و هێزە هەڵپەرستەکان ڕیسوا کراون، بەڵام دەخی سیاسی هێشتا "ناسەقامگیر" و پڕ لە شپەلی جێراوجێری پلان و بەرنامە کە "شوێن پێ"ی دیکتاتۆریەت لەبەردەمیاندا هەستی پێدەکرێت.
گومانی تێدا نییە کە ئاسە ڕوونترە لەوەی ئێستا دەبینرێت لە ئێران. ئەو هێزانەی "هێقوەای گەل" و "دەسەزی گەل" نین، نامێنن. ڕەنگە هێشتا هەندێک دیمەنی سەرنجاکێش و هەندێکجاریش

گەتەجاڵانەتر لە ئارادا بن کە ڕووی نەدابێت. بەڵام ئەوەی لە کۆتاییدا دەمێنێتەوە، هێزی ڕەسەن و جەماوەری و دیموکراتییە. خەڵکی ئێران بەیاری شەڕشی داوە لە کەمەڵگادا دژ بە دیکتاتۆرییەت و ئەمکارەش دەکەن و ناکشێنەوە. هێزی کورتبین و کورتخایەن و بە ڕەگ و ریشە لە مەیدانەکە دوور دەخرێنەوە! چونکە سەردەم، سەردەمی یەکلاییبووندەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانە و زەریش خرایە و بە گومان ڕاستیەکان ڕەحم بە هیچ هێز و لایەنێک ناکات!

بەڵاستی ئایا دەکرێت بانگەوازی خەڵک بکرێت بە ڕووخاندنی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار، بەبێ "نکۆڵیکردن لە دیکتاتۆریەتێک لە ڕابردوودا"؟ وە ئایا دەکرێت ئیدیعای سەرکردایەتی سیاسی ڕاپەڕین بکرێت بە بێ هەبوونی "ڕەکخستن" و "دەزگای ڕێبەرایەتیکردنی ڕاپەڕینی جەماوەری" و بە بێ "ئامادەبوون لە گۆڕەپانی ڕاپەڕین" دا؟ ئایا دەکرێت بە بێ ئەوانە ڕاپەڕین بپارێزێت لە پیلان و هەڕەشەی دیکتاتۆرییەت؟ یان ئایا دەکرێت بانگەوازی خەڵک بکرێت بە ڕووخاندنی دیکتاتۆر بەبێ ئەوەی خەت دەستوپەخەی دیکتاتۆرییەت نەبیت؟

نەخێر، هەرکەس و هەر لایەنێک کە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە و تا سەر ئێسک دژ بە دیکتاتۆرییەت نەبێت لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، ناتوانێت هەڵقولاوی گەل و لە خزمەت گەلدا بێت. سەردەمی هەڵپەرستی کۆتایی هاتووە و دەخەکە هەرگیز ناگەڕێتەوە بە دواوە. ڕەوتی "بە ریشە" و "هەڵپەرستی" و "دیکتاتۆردەستی"، کە بە ئیدیعا و دروشمی جۆراوجۆرەوە، گۆڕەپانی ڕاپەڕین و شۆڕش نادیار و تەمومژاوی دەکەن بە سوودی دیکتاتۆرییەت، نێک هەر بریندە قووڵەکانی خەڵکی ئێران ساڕێژ ناکەن، بەڵکو دەبنە بەشێک لە برین و ئازارەکان خەڵکی ئێران!

لە کاتێکدا خوێنی خەڵک لەسەر شەقامەکانی ئێران دەچۆڕێت و دەڕژێت، داتاشینی ئۆپۆزناتیف، دروشمی لادەرانە، کردنەوەی میدیا و بەکارهێنانیان لە دژی "ئۆپۆزناتیفی جەماوەری و دیموکراتی" جگە لە خزمەتی دیکتاتۆرییەت هیچی تر نابووە و هیچی تریش نین. دیکتاتۆری دەسەڵاتداری ئێران بە مانەوەی لە دەسەڵات و پێشگرتن لە ڕووخاندن، بە هاندان و هەڕەشەکردن و شەواندنی ڕاستیەکان و سانسۆر لە دژی ڕاپەڕینی گەل، هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکان دەدات بە ئەوەی دژی موقاومەتی ڕەسەنی خەڵکی ئێران هەوەست لە خەیان نیشان بدەن. لە فەڕەکانی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار و کرێگرتەکانی دیکتاتۆر ئەوەیە کە لەژێر ناوی "ئۆپۆزسیۆن!"، "ڕاپەڕینی گەل بە سەرکردایەتی"، "ڕاپەڕینکاران بە تۆندوتیژ" بنووسێت و داواکارییەکانی پێشووی خەڵک لە جێی "خواست و ویستی سەرەکیی گەل"

(واتا رووخاندنی دیکتاتۆریەت) دابنێت و بەجۆرێ ڕێگری بکات لە ڕووخاندی دەسکەوتات و گەیشتنی خەڵک بە دەسکەوتکی نیشتمانی و جەماوەری و دیموکراتی.
بە خۆشیەوە خەڵکی ئێران ئێستا وریان و بە پێچەوانەی ڕاپەڕینی دژە پاشایەتی ساڵی ١٣٥٧ (1979)، زۆر باش دەزانن (چییان دەوێت) و بۆچی ئامادە نین گەڕانی ڕاپەڕین بجبهێنن. ڕاپەڕینی جەماوەری کاتێک بەرز دەبێتەوە بە ئاستی شۆڕش کە (بەدیلی ڕەوا و جێ متمانە و دیموکراتی)، جێی ئەم دەسکەوتە دیکتاتۆرە بگرێتەوە. ئێگینا هەروەک ڕاپەڕینی دژە پاشایەتیی ساڵی ١٣٥٧، کەسکی وەک (خومەینی) قووت دەکرێتەوە کە بە دزینی دەستکەوتکانی ڕاپەڕینەکە گەل، دیکتاتۆریەتکی خراپتر بەسەر ئێران و خەڵکی ئێراندا بسەپێنێت.
خەڵکی ئێران خوازیاری ئازادی و دەموکراسی، وەدیهاتنی مافی شارومەندی و شارستانییەت، بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و مافی یەکسانی ژنان و پیاوان، مافە نەتەوەییەکان، مافی ئایین و ئایینزاکان، جیابوونەوەی دین و ئایین لە دەوڵەت (سکۆلاریزم) ، فرەچەشنی (پلۆرالیزم) و پێکەوەژیانی ئاشتیانەن لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و هەروەها ئاشتی لەگەڵ وڵاتان و بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ.

کۆتایی

عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

ئەوارانێ ١٢.. سەردار جاف

ئەم ئەوارێ دەمودووی سەفەرکێ،
ترپەی گەڵانەوەی دێ و کاروانێ ڕەیەکێ،
خەشخوانی بولبولی دەم سپێدەی گرتووێ
چرخەی قوتوبوندی کریستاڵی
چاوانی ئەشکگر و خەواڵووی شەوی هەژاندووێ
ئەم ئەوارێ لەپەکان بە دەخسکێ و لە بری ئاو، ئەشکی بە دووی رشت
بە تامەزرۆی قامەتێ هەناسەوە بووە پەڕە هەور و بە حەسرەتەوە هەڵیرشت

خودا تەزین و چلۆری ڕەوانەو و خووەی بارانی خۆی ڕاگرت
خودا بەزەیی باران و هەناوەکانی تاو داوە
هەوری بووە سەبەر و کەفوکۆی جارانیشی ڕاگرت
بان کارەز ژوانێکی برسی و ئەس کولەیەکی بانخانی و کراوە
قاوە تاکە بە قامکە سارد و سەکانییەو سەمبایەکە و لە کافییەکا
بە بەر دیدی ڕەبوارانا وا خوەقاوە
سەراغ و کنە و گەانە لە حەزمەت جانتا ڕەشەکە
بە زەییەکە و دەیەژە
پارکە بەستەکی ئاوتە، بووە ڤیلا و ئەسرینی دابرانی کەن دەنژە
مناەکان لە تەک بزەی لەوا پەکەا لە قریوەن
چەلەکەکان لە تەک ئاوەزان تەماسن وەلە پە لە جریوەن
مناەکان لە قاوەقاو ناکەون ژاوەژاوێکی بوونە
مناەکان تەقەی خەشیان دە بە دوو تەلیسمی ئاوەنە
چاوە پەیگیری سەر ڕەگاو ئەوی دی لە سەر پشتەوە
نوقم بوون لە نەو هەور و قوتووبەندی کریستاڵی تەختەخ دەنیشتەوە
لە بەر چاوی ڕەبوارانا دوو خەسەت ڕووت ڕووتبوونەوە
وشترمل ڕەحە ئەبەدی بە جانتایەکی شەرمەوە
میوانێکی ئەسک سووک و خەج و سیامەندە دەنە بە ئامەزێکی گەرمەوە
لەو دیو تەلبەند
شەماندەفەرتاونا تاوە دەوەستەت و بە ماچەکان پەدەکەنە
جەژنی عیشقەکی نوە بوو
لە پە دەشت و سارا و دۆە و لە بن کەنە
بیرت نەچێ ئەزیزەکەم تە هەر تە کەسمی گشت کەسەکەم

ئەمانیا
٢٥ / ١ / ٢٠٢٣

خەندنەوەیەک بە ڕمانی

کچی دورگە بچکۆلەکە.. رەزا شوان

رەمان کە بە زمانی ئینگلیزی (نوڤیل) ە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، بە ئەدەبی منداڵانیشەوە. هونەرێکی ئەدەبی پەخشان درێژە، لە بنەڕەتدا پشت بە خەیاڵ دەبەستێت. رەمان چیرۆکێکە کەمێک ڕەگەزی ئەدەبی پێکەوە چنیوە کە پێوەندییان بە یەکتریيەوە هەیە. بە کورتی پێناسەی رەمان: نووسراوێکی ئەدەبی خەیاڵییە، درێژترە لە چیرۆک. رەمان چەندین چەشنی هەیە، هەریەکە لەم چەشنانەش گوزارشت لە ژین و هەزر و لە ڕووانینی ڕەمانووس دەکەن. یا ڕەمان بریتییە لە گێڕانەوەیەکی چیرۆکاوەزی درێژ لە میانەی چیرۆکبێژ (ڕەمانبێژ) ەوە، وێنەی ژیانی پاڵەوان و کۆمەڵایەتییەکان لە چەندین ڕووداودا، لە چەندین کات و شوێنی فراوندا دەردەخات. بەگومان خەیاڵ ڕۆحی سەرەکی و گرنگی لە داشتنی ڕووداوەکاندا هەیە.

ڕەمان لە چەند ڕەگەزێکی گرنگ پێکهاتووە، لەوانەش: خەیاڵ، بیرکە، بابەت، گرێ، کۆمەڵایەتییەکان ـ مەرجیش نییە کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤبن، دەشێت ئاژەڵ و باڵندە و شتی تر یا خەیاڵی بن، کات، شوێن، ڕووداوەکان، زمان، شێواز، دیالۆگ، وەسف، گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن (ڕەمانبێژ ـ نووسەرەوە) ەوە. لە هەر ڕەمانێکیشدا کەشێک یا زیاتر هەیە، پێویستە پاڵەوان یا کۆمەڵایەتییەکەی ڕەمانەکە، چارەسەری گونجاوی کێشەکان بکات.

ئەدەبی کوردیمان، لە نووسینی ڕەمان بە گەورەسالان، قۆناغێکی باشی بەیەو. چەندین ڕەمانووسی بە تواناو ناسراومان هەیە. چەندین شاکارە ڕەمانی نایابمان هەیە کە لەسەر ئاستێکی جیهانی دان. بەڵام ڕەمانی منداڵانمان بە نرخی نەبوونە، لە دو و سێ ڕەمان تێناپەڕێت. دەینێ سەر کرێکی باسەکەمان، کە دەربارەی "ڕەمانی کچی دورگە بچولەکە" یە بە مەردمنداڵان. کە سەرتایەکی بەهێزە بە بناغەدانانی ئەم ژانرە ئەدەبییە لە ئەدەبی منداڵانی کورد دا.

ڕەمانی (کچی دورگە بچۆلەکە) لە نووسینی شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراوی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، مامۆستا (ئەمین محەمەد) ە، چاپی یەکەم ـ سلێمانی ـ ٢٠٢٢. لە چاپخانەی (بینایی)

چاپکراوە. کە (٥٠٠) دانەی لە چاپکردووە.
ڕەمانەکە (٧٤) لاپەڕەیە. دابەشی حەوت بەشی کردووە. لە لایەن وێنەکێش (ئاڤار ئومێد) ەوە، وێنەی بەرگەکەی و بە هەر بەشکیش وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ یا زیاتری بۆ کێشاون. کوالیتی وێنەکان مامناوەندین.
پاڕەوانی ڕەمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) کچۆلەیەکی هەشت ساڵانە بە خۆشەویستی و نزیک لە زمانی منداڵانەوە، نووسەر ناوی (لولو)ی لێناوە. کە لە دورگەیەکی بچکۆلەی جوان و قەشەنگی بەهەشت ئاسایی، کە پڕە لە گوڵزار و نەرگزجار و گوڵە هەرە و وانەوشە و گوڵاڵە سوورە، لە باخی میوە و سەوزایی، لە کۆی سەرکێش و بەفرین، پڕە کەروێشکی گوێ قوت و ئاسکی نەخشین و سمۆرە و بەرخۆلە و گورگ، لە باندی هەڵە و نەورەس و مراوی و قاز و قوینگ و چۆلەکە و پەنگین (بەتریق) لە خانخاڵکە و لە پەپوولە. دورگەکە کێش و ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیە، دەکەوێتە نێو دەریایەکەوە، دەریاکێش پڕە لە ماسی ناوازە و لە کیسەڵ و قرژانگ و دەڵفین و هەشتپێ و تیمساح و مایینی دەریایی و لە ئەستێرەی دەریای و.. هتد. لولو ژیانی دورگەکەی زۆر پێخۆش و بە زەدی خەی دەزانێت. هەموو ئاژەڵ و باڵندەکانیشی خۆشدەوێت و کردوونی بە هاوڕێی خەی . لولو زیرەک و ئازا و چاونەترس و هیواخواز و گەشبینە و بەوای بە ئەستەم نییە. هاوڕێ دەستە و خەڵ بە هاوڕێی هەموو ئاژەڵ و باڵندەکان دەزانێت، بە دەژیی ڕەمانەکە کچۆلەیەکی چاکخواز و یارمەتیدەر و فریاڕەسە. کچۆلەیەکی کراوە و سەسیالێ و پەیوەندیی هاوڕێتی لەگەڵ گیانەوەرانی ناو دەریا و باڵندە و ئاژەڵکانی دورگەکەدا هەیە. هەموو ئێوانەی لە ناو دەریا و دورگەکەدا بە زمانی کوردی لەگەڵ لولودا دەدوێن.
بەجگە لە لولوی پاڕەوانی ڕەمانەکە، چەند کەسایەتییەکی تریش ڕۆڵیان لە ڕەمانەکەدا هەیە، وەکو: داپیرە کیسەڵ، دایکە هەڵە، ماسییە ئاڵتوونییەکە، بووکی دەریا، هەشتپێ شین (ئەختەبووت).
کچی دورگە بچکۆلەکە، ڕەمانکی خەیاڵی فانتازییە، ئەم جارە ڕەمانە بەاوترین جۆری ڕەمانە. ڕەماننووس بەجگە لە جیهانی سەر زەوی، چەتە جیهانی ناو ژێر دەریاوە، بەشکی زۆری ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان، لەسەر دەریا و ژێر دەریادان. بەشکیشیان لەسەر دورگە بچکۆلەکە دان.
ڕەمانی کچی دورگە بچکۆلەکە، گۆڵە ڕەهەندی لەخۆگرتووە:

پەروەردەیی، زانیاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشتی، دڕوونی، مرۆڤایەتی، ئاژەڵدەستی، ژینگەپارێزی، نیشتمانی. بە گشتی بەهای بەرز و جوانیش رازاندوویەتەوە، وەک: هاوڕێتی، دڵسۆزی، خۆشەویستی، چاکەخوازی، ڕاستگۆیی، هاوکاری، دڵفراوانی، تێکۆشان، کەمئەندام، ئازایەتی، بەوا و متمانە بەخۆبوون، گەشبینی، هیواخوازی، ئیرادەی بەهێز و نەبوونی ئەستەم، پشیمانی لە بەدکاری و دڕندەقی، گەلێ خەسڵەت و بەهای تر.
لولوی پاڵەوانی چیرۆکەکە، کچولەیەکی ئەفسوناوییە، دەتوانێت لەسەر شەپۆلەکانی دەریادا مەڵە و سەما بکات و بچێتە قووڵایی ژێر دەریا و سواری پشتی ماسی و ماینی دەریایی بێت و لە ئاهەنگی جەژنی (٢٠٨) ساڵەی لەدایکبوونی داپیرە کیسەڵدا بەشداربێت. ببێت بە هاوڕێیەکی دڵسۆز و خۆشەویستی بووکی دەریا.
لولو دەستی بەسەر گوهەرە ئەفسوناوییەکەی داپیرە کیسەڵدا هێنا، ئەو پەرجە و توانا ئەفسوناوییەی پێبەخشی، کە لە کاتی پەویست و تەنگانە و فریاڕەسیدا، ئەم ڕستەیە بڵێت (گوهەرە ئەفسوناوییەکە بە یەک چرکە جوڵەی ئاسمان و زەوی و دەریاکان ڕابگرێ) هەموو گەردوون ڕووناک دەبێتەوە و داوا و مرازیش دێتەدی.
پێناسەبردنە بەر ئەفسوون (جادوو) کارێکی تازە و داهێنان نییە. لە زەربەی چیرۆکە میللیەکان و فۆلکلۆرییەکان و ئەفسانەییەکاندا، ئەفسوون ڕەگەزێکی گرنگ بووە بە ئەنجامدانی کاری لە توانابەدەر. وەکو هەیەکیش بە چارەسەری کێشەکان و گێشتنی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکان بە ئامانجەکانیان. گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیمان هەیە، کە چیرۆکی ئەفسانەیین و خەیاڵ و ئەفسوون ڕەگەزە سەرەکین تێیاندا.
مامۆستا ئەمین محەمەد، تەنیا ڕەماننووسی منداڵان نییە، کە بە گێاندنی پەیام و مەبەستەکانی لە ڕەمانی کچی دورگە بچکۆلەکە پەنای بە ئەفسوون بردووبێت. گەلێ لە کەڵە ڕەماننووسانی ناسراوی جیهانی، کۆن و تازەکان، لە شاکارە ڕەمانکانیاندا بە منداڵان و مەردمنداڵان، بە گێاندنی پەیامکانیان، پەنایان بە ئەفسوون بردووە. بە نموونە:
(شارل پیرە) ی فەرەنسی. لە ڕەمانی (ساندرێلا ـ ١٦٩٧).
(دانیال دیفۆ) ی ئینگلیزی. لە ڕەمانی (ڕۆبنسۆن کروزۆ ـ ١٧١٩).
(لویس کارۆل) ی ئینگلیزی. لە ڕەمانی (ئالیس لە وڵاتی

عاجباتییەکاندا_ ١٨٦٥).
(ئستریدد لیندگرین) ی سویدی. لە رەمانی (پیپی گەرویدرەژ _ ١٩٤٥).
(جوان رالینگ) ی ئینگلیزی. لە زنجیرە رەمانی (هاری پەتەر :١٩٩٥ _٢٠٠٧).
ئەمانە و چەندین رەماننووسی رەمان بە منداڵان، ئەفسوون رەگەزەکی سەرکییە لە رەمانەکانیاندا. منداڵانی خۆنەر چەژ و خۆشییەکی زۆر لە خوێندنەوەی رەمانەکانیان وەردەگرن. زۆربەشیان کراون بە فیلمی کارتۆنی ئەنیمەیشن و بە فیلمی سینەمایی. بە ملیۆنان دۆلار دەستکەوتیان بووون.
لە رەمانی کچی دورگە بچکۆلەکەدا، (بووکی دەریا). لە پشا کچۆلەیەکی دەرەق و بەبەزەیی و بەدکار بووە. ئازاری زۆری باندە و کەروشکەکانی داوە و ئاوی کردەتە ناو شارە مەرووڵەکان. لە ئەنجامی ئەم بەدکارییانەی، مەرووڵەکان تۆڵەی لێدەکەنەوە، جادووی لێدەکەن و دەبەت بە بووکی دەریا. هەشتپەی شینی دەریا. کە دانا و پشبینیکەر، پەی وتن بەو مەرجە دەگەیتەوە بە کچۆلە ئاسایەکە، کە باوەش بە پۆلکە زەرینەدا بکەیت و بڵێیت: " هەموو گەردوونم خۆشدەوێت". لولوی هاوڕێی یارمەتی دا، داوای لە گوهەرە ئەفسوناویەکە کرد و وتی:" گوهەرە ئەفسوناویەکە بە یەک چرکە جوڵەی ئاسمان و زەوی و دەریاکان رابگرە" لەم ساتەدا بووکی دەریا، باوەشی بە پۆلکەزەرینەدا کرد و وتی:" هەموو گەردونم خۆشدەوێت" یەکسەر گەایەوە بە باری ئاسایی و بووەوە. بە کچۆلە جوانکیلەکەی جاران و وتی بە (لی لی) ناوم بەرن. بوو بە کچکی دڵقان و هەموو ئاژەڵ و باندە و زیندەوەرکانی خۆشدەویست و رقی لە هیچیان نەبوو و ئازاری نادان.

رووماننووس لەرەدا ئەو پیامە پەروەردەیی و رەوشتییە بە منداڵان دەگەیەنێت. کە خراپە و ئازاردانی ئاژەڵان و باندەکان بەدکارییە، ئەنجامکی خراپیان لێدەکەوێتەوە، بە راستکردنەوەی هەڵەکان و پشیمانی بوونیش، هەوە و قوربانیدانی دەوێت.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان رەمانی (گەشتەکانی نیلز) لە نووسینی رەماننووسی سویدی (سەلما لاگیرلەف) لەگەڵ رەمانی کچی دورگە بچکۆلەکەدا بکەین، لە نێوان بووکی دەریا و نیلزی چەتوون کە ئازاری قازکان و ئاژەڵانی دەدا، کورتەباڵیەکی بەند کرد، لە ئەنجامی ئەم بەدکارییەی کورتە باڵاکە کە رزگاری بوو، تۆڵەی

لەکردەوە و ئەفسوونی لەکرد، نیلز بوو بە بستە باڵایەک، لە کاتێیدا پشیمان دەبتەوە و ئەفسوون لەکردنەکەی بە تاڵ دەبتەوە، دەبتەوە بە نیلزی ئاسایی، بەڵام بە منداڵەکئ میهرەبان. دەڵڵەقی و بەدکاری و جادوولەکردن و پشیمانی، خاڵی هاوبەشن لە نێوان ئەم دوو ڕەمانەدا. گەلە ڕەمانی جیهانی لەم جۆرانە بە منداڵان هەن. کە بە سزادان و پشیمانی پەنایان بە ئەفسوون بردوون. نە ئەو نووسەرانە و نە مامۆستا ئەمین محەمەدیش، چاویان لە یەکتری نەکردوون. بەڵکو زادەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆیانن. ئەگەر سوودیشیان لە چیرۆکە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییەکانی گەڵکانیان وەرگرتووبێت، کارێکی ئاساییە. زۆر لە کاتێ نووسەرانی جیهان سوودیان لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی وەاتەکانیان و وەاتانی تر وەرگرتوون. بە نموونە: کاتێ نووسەری ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵان (هانز کریستیان ئەندەرسین) ی دانیمارکی، کە بە باوکی ئەدەبی منداڵان لە جیهاندا ناودەبرێت. لە نووسینی چیرۆک و ڕەمانکانیدا بە منداڵان، سوودەکی زۆری لە ئەفسانەکانی وەاتەکەی وەرگرتووە. مەبەستم ئەوەش نییە کە ئەفسانەی کوردیمان ڕەنگدانەوەی لە ڕەمانی کچی دورگە بچکۆلەکەدا هەبێت. مامۆستا ئەمین محەمەد باکگراوند و ئەزموون و شارەزاییەکی زۆری لە نووسینی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد هەیە. ڕەمانکەشی زادەی خەیاڵ و بیری خۆیەتی و چاوی لە هیچ نووسەرێکی تر نەکردووە. لە ژیانی ڕاستی و لە کەشکانی گەلی کوردمانەوە ئیلهامی بە هاتووە.
لە ڕووی داشتن و زمان و خستنە ڕووی کەشکان، مامۆستا ئەمین زۆر بە جوانی و بە زنجیرەیی کەشکانی باسکردووە و چارەسەری کردوون، بە زمانێکی کوردی پەتی و سووک و ئاسان و ڕەوان، بە گرێ و گۆ، بە شەوە و شەوازێکی هونەری و فانتازی، ڕەمانکەی داشتووە. وشە و ڕستەکانی لە فەرهەنگی زمانی منداڵانی کوردەوە وەرگرتوون. ئەو مەرجەی بەدی هەناوە کە چیرۆکنووسان و ڕەماننوسان و هەموو نووسەرانی کورد لە بوارەکانی ئەدەب، پێویستە شارەزای زمان و ڕەزمانی کوردی بن. ئەو مەرجەشی تێدایە کە ڕەمان نابێت لە (٧٠) لاپەڕە کەمتر بێت.
من پەموایە مامۆستا ئەمین، لە نووسینی ئەم ڕەمانیدا، وەک یەکەم ئەزموونی، لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتووە و توانیوێتی هەموو مەرج و ڕێگەزە پێویستییەکانی ڕەمان، لە ڕەمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) دا بەرجەستە بکات. وەک ڕەماننوسێکی نووسەری ڕەمان بە منداڵانی کورد بناسرێت. دڵنیام کە بیریش لە نووسینی ڕەمانی

دووەمی بە منداڵان دەکاتەوە. وەکو بەڕێزیشیان لە بارەی نەبوونی ڕەمانی کوردی بە منداڵان و مەردمنداڵانی کوردمان، دەڵێت: "کەلەنکی گۆرەیە بە کەس و دوو کەس پێ نابەتەوە". تا ئەمڕۆش منداڵانی کوردمان ئاشنای خوێندنەوەی ڕەمان نەبوونە، هەیکەشی بە نەبوونی ڕەمانی کوردی تایبەت بە منداڵان و مەردمنداڵان دەگەڕێتەوە.

جوانترین پیرەزبایی و دەستخۆشی لە مامۆستا ئەمین محەمەد دەکەم بە نووسینی ڕەمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) کە شاکارێکی ئەدەبی ناوازە و نوێیە بە منداڵان.

چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، یان پارێزگاری سلێمانی، بە فەرمی دەستخۆشیان لە مامۆستا ئەمین محەمەد بکردایە و خەڵاتێکی شایستە و ڕێزلێنان و پێزانینیان، بە ئەم دەستپێشخەرییەی لە بواری ئەدەبی منداڵان پێشکەش بکردایە، بەداخەوە. کە بانگی گەرانیبەژێکی تورک یا لوبنانی دەکەن چەندین ڕۆژ ڕیکلامی بە دەکەن و چەند دەفتەر دۆلار دەخەنە جانتاکەیەوە و لە خۆشترین هوتیلدا جێی بە دەگرن و خوانی تایبەتی بە دەڕازێننەوە. بەڵام هیچیان تیا بەسەر نییە. تەنانەت گەر بە نووسینکیش بێت، سوپاس و دەستخۆشی لە نووسەرێکی داهێنەر و لە هونەرمەندێکی کوردمان بکەن. کە لە پارەی خەرجیی ماڵ و منداڵکانیان دەگرنەوە، تا کتێبێکی پێ چاپ بکەن. دەشزانم کە مامۆستا ئەمین محەمەد، نووسەرێکی نەفس بەرز و چاوی لە پارە و خەڵات نییە.

ڕزا شوان

پیتەک لە دەروازەی چەند هەگبەیەکی وانە وتنەوەدا... عەلی

حەمەرەشید

وانە وتنەوە هونەرە و پەیوستی بە خەیاڵکردن و پلان هەیە، هەروەها گەشەپێدانی ژیری وانە وتنەوەش گرنگی خۆی هەیە و پەیوستە مامۆستا بزانێت کام ژیری بە بابەت و ئەو منداڵانەی کە وانەیان پێدەڵێت زیاتر گونجاوە ئەوەیان بکار بهێنێت. دەبێت ئەوەش بزانین کە وانە وتنەوە لە باخچەی منداڵان و قوتابخانەدا جیاوازییەکی زۆریان هەیە، لە باخچەدا زیاتر ڕاهێنانی منداڵ و یاری پشکی هەرە زۆری دەبێت لە وانەکەدا، چونکە منداڵ بەتایبەتی لە باخچەی منداڵاندا پەیوستی بە یاریکردن زیاترە و بە یاری و جۆرەی پەروەردەیی حەزی زیاتری بە وانە و باخچەکە زیاد دەکات و ئەو وزە زیادەش کە هەیەتی خاڵی دەبێتەوە. (ژان بیاژە) دەڵێت: (منداڵ فێر مەکە، هەڵی بە بەخسێنە) چونکە هەڵ ڕەخساندن بۆشکە لە پرسەی پەروەردە و فێرکردن، لەوەوە هەنگاوەکانی فێرکردنی منداڵ دەستپێدەکات، وەک پرسیەکی درێژخایەنی بەردەوام، بۆیە تا هەڵ بە منداڵەکە نەبەخسێنرێت ناتوانرێت پرسەی پەروەردە و فێرکردنیش دەستپێبکەین... باخچەی منداڵان (پلەیەکە بە ئامادەکردن و گەشەپێدانی منداڵ کە لەوەوە بەرەو پلەی فێربوون یەکەم هەنگاوی سەرکەوتن دەنێت) هەروەها بەهەرەو تواناکانی منداڵ بەهەی ئەو چالاکییانەی کە لە باخچەدا بۆشوەی یاری ئەنجام دەدرێت گۆشە دەکات و دەردەکەوێت. کەواتە باخچەی منداڵان هەرچەندە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەیە بەڵام پەیوستە ئەوەش بزانین کە نابێت وەک قوتابخانە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵاندا بکرێت و وانەکانیش گونجاو نییە وەک ئەو وانانە بێت کە مامۆستا لە قوتابخانە بە قوتابیانی دەڵێت. کەسەردانی باخچەکان دەکەیت بە بینینی هەر وانەیەک ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەوبەتەوە کاتێک کە ئەو مامۆستایەی لە باخچە وانە دەڵێتەوە شارەزایی تەواوی لە شێوازی وانە وتنەوە لە باخچەدا هەبێت، خۆ ئەگەر دەرچووی کۆلێژی پەروەردە و بەشی باخچەی منداڵان بێت و حەزی زۆری بە ئەو کارەی هەبێت ئەوە بەدڵنیاییەوە سەرکەوتووە و بەو شێوەیە وانە دەڵێتەوە و هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵاندا دەکات کە باخچەی منداڵان دەیخوازێت. (پیتەک لە دەروازەی چەند ڕەگەیەکی وانە وتنەوە) ناونیشانی ئەو چالاکییە یاری ئامێز و سەرنجڕاکێشە بوو کە مامۆستایان لە (باخچەی منداڵانی دەروازە) ی حکومی بە سەرپەرشتی لیژنەکانی باخچە ناحکومییەکان و بە هاوکاری هاوڕێی ڕەخنەگر و کارگێڕەی باخچەکە پێشکێش بە مامۆستایانی بابەتی شارەزایی و چالاکییەکانی سەرجەم باخچە ناحکومییەکانی سنوری

بەرەوبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کرا،پێتی(پ) بە سێ جۆگەی جیاواز لە سێ وانەی جیاواز و لە سێ ژووری جیاواز و لەلایەن مامۆستای جیاواز پێشکەش کرا،یەکەمیان بەرگەی چیرۆک کە دوو مامۆستا دەیان وتووە، هەموو ئەو پێداویستییانەیان ئامادەکرد بوو کە لە گۆڕانەوەی چیرۆکەکەدا ناویان دەهات و بە شێوەیەکی جوان و نەرمونیان و بەجووڵەی پێویستەوە مامۆستا چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە(پەردە و ملپێچ و پانکە و پرتەقاڵ و پەنیر و پشیلە و پاشا و پەری و پەیڵەو و ئەسپ و باپیرە و داپیرە.....هتد) ئەم وشانە بەکار هاتبوون و وەنەکانیشیان ئامادەکرابوون و مامۆستا لەگەڵ ناوهێنانی هەر یەکەکیاندا وەنەکەی بەرز دەکردەوە.پرسیار و چالاکی بە جووڵەی منداڵیش ئەنجام دەدرا و کە سەرنجت دەدا منداڵان بەپەرۆشەوە تامەزرۆی وانەکە بوون و ئاوەزانی ئەوداوەکانی نێو چیرۆکەکەی مامۆستا بووبوون و لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناویدا دەهاتن و دەچوون و هەڵسوکەوتیان دەکرد کەئەمەش سەرکەوتنی مامۆستا لە وانەکەیدا دەسەلمێنێت. مامۆستا لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا هەموو وەنەی ئەو کەسایەتی و شتانەی کە ناویان لە چیرۆکەکەدا هاتبوو بەو چەترەدا هەڵواسیبوو کە بەدەستییەوە بوو لەکاتی گێڕانەویدا دەستی لەدەدان و نیشان منداڵانی دەدا،لەکاتیشادا مامۆستا کەمەک پرسیاری دەربارەی چیرۆکەکە ئاراستەی منداڵان کرد کە منداڵان بەخۆشییەوە وەاڵمیان دەدایەوە و وەک هەستەنگاندنکیش بە بابەتەکەی وابوو.

لە وانەیەکی تر و بەرگەی شانۆ دوو مامۆستای تر بەهەمان شێوە پشتر ئامادەکاری تەواویان بە وانەکە کردبوو،بەجگە لە دانانی ئەو پێداویستییانەی کە وانەکە دەیخواست، یەکێک لە مامۆستاکان وەک داپیرە و بە جل و بەرگی تایبەتی کوردییەوە و وەک داپیرەیەکی سەلار و خان و مان بەخێی و دارکەوە کە کردبووی بەهەزی ئەژنەی بە دەیشتن دەردەکەوت.دوای ئامادەکردنی منداڵەکان بە وانەکە و پشکیینەکی کەم دەرگاکەیان لە داپیرە کردەوە و هاتە ژوورەوە کە بەشێوەیەکی زەر جوان و سەرنجاکێش دەردەکەوت و قسەکانیشی هەر لەسەرەتاوە بەو وشانە دەستپێکرد کە پێتی(پ) ی تێدابوو(پاس، پەردە، پشت، پەنجەرە ، پەڕۆ هەور، ملپێچ، پرتەقاڵ، پەنیر، پشیلە و چەند وشەیەکی تر کە منداڵان بەپەرۆشەوە گوێیان لێگرتبوو و تەماشایان دەکرد.دواتر دانیشت و مامۆستاکەی تر بابەتەکەی تەواوکرد لەرشدا بەهەمان شێوە وەنەی ئەو شتانەی کە داپیرە باسی کردن و پێتی(پ) ی تێدا بوو ئامادەیان کردبوو ..دواتر پرسیاریان لە منداڵەکان کرد و چالاکییشیان ناوە ناوە پێدەکردن تا بەزار نەبن و بەباشی گوێیان لێبگرن. لەناو سینییەکدا کە نیسکی سوری تێدابوو

داوایان لێ منداڵان دەکرد کە وێنەی پیتی(پ) دروست بکەن بەو شتە ورد و ڕەنگاوڕەنگانەی کە بە ئەو مەبەستە ئامادەیان کردبوو، کە ئامۆش هەر یاری بوو،پاشان داوایان لێکردن کە بچنە سەر ئەو مێزانەی کە بەیان ئامادەکردبوون و بەپێی ژمارەی منداڵەکانیش پەداویستییان دابەشبوون بەسەر گروپ تا بە کاغەز وێنەی ئەو پیتزایە دروست بکەن کەخێیان حەزیان لێیەتی،لەسەر کاغەزەکی بازنەیی و وێنەی ئەو شتانەش دانرابوو کە بە دروستکردنی پیتزا پێویستن،وەک(پەنیر،زەیتون،گۆشت،قارچک،تەماتە و شتی تر)وانەکە هەر بەشێوەی یاری بەڕێوە چوو کە منداڵ حەزی پێدەکرد و هەریەکەشیان بووبوون بە بەشێک لەوانەکە کە ئامۆش هەمای سەرکەوتنی مامۆستا دەردەخات.هەروەها مامۆستایان خۆیان پیتزاشیان بە هەنابوون کە منداڵەکان بیخۆن..

لە وانەیەکی تردا بەڕێگەیەکی سەردەمی و جیاواز بەهەی ئامۆری (داتاشۆ)وە بە هەمان پیت(پ)، دوو مامۆستا گشت پێداویستییەکانی وانەکەیان ئامادەکردبوو کە بە وانەکە پێویست بوو ،سەرەتا یەکێک لەمامۆستاکان و ناساندنی خۆیان قسەی کرد و بە یارییەکی وەرزشی دەستی پێکرد و کە ئامۆش زیاتر وای لەمنداڵەکان دەکرد کە حەزیان زیاتر لەوانەکە بێت و ئەو وزە زیادەش کەتیاندایە بەشێوەیەکی دروست و پەروەردەیی خاڵی ببەتەوە.ئیتر لەڕێگەی داتاشۆە کەمەک وێنەیان نیشان منداڵان دا کە وشەکانیان پیتی(پ)یان تێدابوو لەهەمان کاتیشدا شتەکان نزیک بوون لە منداڵ و بەشێکیشیان لە ژینگەی باخچە و ژوورەکەدا هەبوون (پانکە،گۆپ، ملپێچ، پەردە.....) هەندێک شتی تریش وەک (پشیلە، پەنگ،پیتزا، پرتەقاڵ، پەنیر،.....) کە وێنەکانیشان بەتەکەیی لەسەر مێزێک دانرابوون دوای نیشان دانیان بەداتاشۆ داوایان لە منداڵەکان دەکرد کە چییان بینیوە بێن وێنەکەی لەڕدا بدەزنەوە کەوەک یارییەکی خۆشیش وابوو،هەم تەرکیزیشیان زیاتر بەهێز دەبوو،ئەوەی جێگەی سەرنج بوو کە جوانی زیاتری دەدا بە وانەکە ،مامۆستایان سەرەتا خۆیان منداڵەکیان هەستان بە دەزینەوەی وێنەی یەکێک لەو شتانەی کە بینیویەتی دواتر بە منداڵەکەیان دەوت خەت یەکێک بانگ بکە با ئەو شتەکەی تر بدەزێتەوە ،بەهەمان شێوە منداڵەکەی تریش هەمان ڕێگەی بەکار دەهێنا،چالاکی و هاندان لەوانەکەدا هەبوو تا منداڵان هەست بەبەزاری نەکەن و چێژی زیاتر لەوانە یاری ئامێزەکەیان وەربگرن .

مامۆستایان بەپێی ژمارەی منداڵەکان قاپی ڕەنگ پرتەقاڵییان ئامادەکردبوو لە ناویدا بەشێوەی کون کون پیتی(پ) یان نووسیبوو،کەمێک شتی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگیان ئامادەکردبوو،وەک قەسەبی بەراو،کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ،گوێی بچوک بچوک و شتی تر ،هەر

منداڵ و قاپکیان دانێ بە ئاوەی بەئارەزووی خۆیان حەز بەچ دەکەن لەو پیتی (پ) لەناو قاپکەدا پێ بکەنەوە کە ئامانج هەر وەک یاری وابوو.هەروەها سینیەکی بچوک پاقلاوشیان هێنا و بە منداڵکانیان وت کە دەزانێت ئەم شیرینییە ناوی چییە و بە پیتی (پ) دەست پێبدەکات، هەندێک شتیان وت و یەکێک لە منداڵکان وتی پاقلاوە، کە مامۆستا خۆی دروستی کردبوو.کە دواتر دابەشی دەکرد بەسەریاندا.

ئاوەی پێشکەش کرا بوو مایەی سەرنجی مامۆستایانی ئامادە بوو،سودی زۆریان لەوەرگرت ،لەڕاستیدا ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە پەرەی زیاتر بە پرسەی پەروەردە و دواتر فێرکردن دەدات و ئەوشمان بەڕوونی پێدەڵێت کە وانە وتنەوە لەباخچەدا هەر زۆر جیاوزترە لە وانە وتنەوە لە قوتابخانەدا و یاری و چالاکی زۆرتر پێویستە لەناو وانەکاندا ئەنجام بدرێت و ڕەگەزی جیاوازیش بەکار بهێنرێت لە وتنەوەی وانەکاندا و لەهەمان کاتیشدا مامۆستا دەتوانێت سەلیقە و توانا و لێهاتوویی خۆیشی تێکەڵ چالاکی و هەنگاوەکانی وانەکە بکات تا تایبەتمەندی خۆیشی پێوە دیاربێت و سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر بکات..مامۆستا و پەروەردەکار عەزیز ئالانی لەبابەتێکدا دەربارەی سودەکانی یاریکردنی منداڵ ووددەکاتە مامۆستایانی باخچەی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتییەکانیش و دەڵێت: (پێویستە یاری بشێ سەرکییەکەی مانەوەی منداڵ بێت لە باخچە و قوتابخانە،تەنانەت دەبێت فێرکردنی پیت و ژمارەکانیش بە منداڵانی باخچەی منداڵان هەر لەڕێی یاری و شانۆگەری و ئەنیمەیشن و وەرزش و گۆرانی و وێنەکێشانەوە بێت،نەک وانە وتنەوەی پڕ و شەوازی کلاسیکی).چونکە لەڕێی یاریەوە منداڵ کەمەک سود وەردەگرێت ،وەک مامۆستا عەزیز ئالانی لە هەمان نوسیندا دەستنیشانی کردوون، گرنگترینیان(چێژ وەرگرتن و دەخشی وبەهەزکردنی توانای هزری و بیرکارهێنانی هەست و توانا شاراوەکان وفێربوونی هونەری نواندن و بەهەزکردنی جەستەو توانای جەستەیی و توانای مەشک و بیرکاری و کرانەوەی کەسایەتی وبەهەزکردنی توانای داهێنان و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان.....)

لەکۆتاییدا دەستخۆشیمان بە هاوڕێی ڕەخنەگر و کارگێڕی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی باخچەی منداڵانی دەروازەی حکومی بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی کە وانەکانیان پێشکەش کرد.هیوادارین کە مامۆستایانی ئامادەبووی باخچە ناحکومییەکانیش سودیان لەم چالاکییە وەرگرتبێت و بتوانن بشێوەیەکی باش لە باخچەکانی خۆیاندا پیادەی بکەن و بکاری بهێنن. ئامانج هەوڵدەدین کە دەروازەی چالاکی لەم شێوەیە زیاتر بە هەمووان بکەینەوە و وەک خەمخۆر و دەسزی بواری پەروەردە و فێرکردن خزمەتی خەمان بکەین بە سەرجەم مامۆستایانی ئازیز.منیش وەک سەرپەرشتیار و شاعیرێک لەکاتی بینینی

وانەکاندا ئەم چەند دێڕەم نوسی و لەکۆتاییدا لەگەڵ چەند ڕێنماییەک بە مامۆستایانم خوێندەوە:

ئەمڕۆ پیتەکی تازە...لە نێو باخچەی دەروازە
بە چیرەک و بە شانۆ...جارەکیش بەداتاشە
بوو بە هاوڕێی منداڵان...یەک یەک ئەوانی دەدوان
بەچالاکی و هاندانی...یاری و جوڵە و گەرانی
مامۆستاکان بەجوانی...زەر بەنەرم و نیانی
ژوور بوو بە شاری یاری...هەر خشی لێدەباری

١٣/١/٢٠٢٣

عەلی حەمەشید
سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە

تێبینی:
بە ئەم نووسینە سودم لەمانە وەرگرتووە:
• نووسینەکی مامۆستا عەزیز ئالانی کە لە فەیسبوکەکەی خۆیدا باڵاوی کردۆتەوە.
• گۆڤاری پڕۆژەکە و زانست...ژمارە(٣)ساڵی (٢) بەهاری ١٩٧٢.
• پڕۆژەی هونەر..بە باخچەی منداڵان...لێدوانی مامۆستا...ئامادەکردنی مامۆستا خەلیل عەبدوڵا..

وێژەیی... دڵشاد تاقانە

خەیاڵ و واقیعی شیعری..
دوو چمکی سەرەکی ناو بەرهەمی شیعریە، ئایا کامیان بیرکەکە ئەندێشەیە واتا هەبەستراوە لەگەڵ استیدا بوونی نیە تەنها لەوە یەکدەگرنەوە لەکچواندنە یان هاوداوەکی ڕاستەقینە و لەقاڵبی شیعردرایتەوە. زۆربەی کاتان شاعیر خەیاڵیە و کەمتر واقیعیە، بەوە جوانترین وێنای شیعری لەمزەندەی خۆنەر دروست دەکا چونکە مەودای ئەندێشە و بیری فراوانە چت بووە دەتوانی بەرهەمی بینی ئەوجا بەوای پێدەکرێ یان نا ئاساییە و هەموو دەمێن: هەرشیعرێ. بەڵام واقیع سنوردارە هەنیار ناتوانی تەراتێن لەناو باگاوەندی وشەکانی بکات.

هەنراوە..
خەی بەداوەکردنی وشەکانە لەو ایدیایەی هەستە و هەینەوەیان، پە لەبیر و ئەندەشەی ساکاری بەرچاوی نەدیتراو بەبام بینینی خوێنەر و درک پێکردنی لەرەدا دەبتە پەیامێکی گرنگیشتووی هەنیارەکە.

تێگەیشتنی خوێنەر پەیامی هەنارە..
جوانبینی خوێنەر واتا خەدەزینەوە لەکەی شیعرەکە یا کەپلە و دەرکیش نرخاندنی توانای نوسینی شیعری هەنیارەکەیە.

هەست و نەست..
دەکرێ شاعیرێک هەستی خەی بنوستەوە سەرتاپای شیعرەکەی هاوبەندی ژیانی خەی بی واتا باسی خەی بکات بەبام ئاگەر باسی خەی نەکرد و هەستی خەی نەبوو خوێنەر خەی تێدا دەزیەوە ئەوا دەبتە نەست.

هەنیار خەی دەنوستەوە؟
مەرج نیە، هەندێک دەڕێن: هەرچی دەینوسی هەستی بیر و سەزی خەیتی. هەندێکیش دەڕێن: شاعیر لەتوانا و بەردەوامیدا لەباری دەروونی شیعری دەژی وەک پیشەوەر هەموو بیرکەیەک دەنوستەوە کەهەرگیز باری تایبەتی خەی نیە.

جەرکانی شیعر..
واتا بیرکەی کام بوارێ لەدەداری، نیشتمانی، سیاسی، فەلسەفی... تد. هەرکامیانبی خوێنەری خەی هەیە و دەیخونتەوە بەبام شیعری گرانی تایبەتمەندیکە پێویستی بەهەست و توانستی هونەریە.

شیعر پیشەیە؟
مادام بیرکە و داهێنانی تێدایە جگە لەتوانامەندی وژەیی و هەوانبژی لەسەر خەرمانەی زەوەندی وشە پیشەوەریە وەکو هەموو پیشەکان ئاگەر پارەشی پە پەیدا نەکرێ.

دەشاد تاقانە

هەورەکی پەرت.. عارف کوردە

گوم..
بەمیوزیکی دەنگی تۆ
ئەزرینگێتەوە
هەندە جار،
خەمبار ئەبم
هەندە جاریش، شاگەشکە
بەیە.. سەما ئەکەم و
زەر بەکوێیش ئەگریم
تێناگەم؟
ئاوازی هیچ بارانێک
دڵخۆشم ناکات و
شەماڵێکیش. فێنکم ناکاتەوە
گڵۆپێکی هەندە گەرمە..
مەگەر خەم،
لەقوڵاو هەڵکەشم..
هەرچی ئەکەم
پارچە شکاوەکانی
خەمم پێکەناکرێتەوە
لەتەش ئەڵوانم..
خەکێک لەناو مشتدایە!
ئەرێ چیبکەم؟
چۆن خەم بپارێزم؟
خۆ چوار بەکەت هەن
لە هەرچواریان
پێن لەبەرد..
ئاوێنەی دەم،
کوت.. کوت
خۆنەکانم.. پارچە.. پارچە
هەورەکی پەرت.. پەرتم
ئێستەم، دابکەمە باران.

عارف کوردە